
ئەردۆغان پشتگیری لە ئاگربەستی نێوان هێزەکانی سوپای سوریا و گروپە چەکدارەکانی دروزەکان دەکات



هەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك كۆماری تورکیا لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئەحمەد شەرع هاوتا سوریەکەی، پشتگیری لە ئاگربەستی نێوان هێزەکانی سوپای سوریا و گروپە چەکدارەکانی دروزەکان لە باشوری ڕۆژئاوای سوریا کرد و ڕایگەیاند، دەستدرێژیی ئیسرائیل هەڕەشە بۆ سەر هەمو ناوچەکە دروستدەکات و ئەمەش قبوڵکراو نیە.

هەجەب تەیب ئەردۆگان لەمیانەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئەحمەد شەرع، باسیان لە دوایین پێشهاتەکانی سوریا کرد لەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ناوچەجیاجیاکان.

سەرۆکی تورکیا جەختیکردەوە، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر سوریا قبوڵکراو نین، "دەستدرێژیی ئیسرائیل هەڕەشە بۆ سەر هەمو ناوچەکە دروستدەکات و تورکیاش بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتییەکانی بۆ گەلی سوریا، هەروەك چۆن تا ئەمڕۆ بەردەوام بوە".

ئەردۆگان پشتگیری تورکیای دەربڕی بۆ ئەو ئاگربەستەی لەگەڵ دروزەکان لە سوریا

ئەنجامدرا.

لای خۆیەوە ئەحمەد شەرع سوپاسی سەرکی تورکیای کرد بۆ پاڵپشتیکردنی لە پاراستنی یەکێتی سیاسی و یەکپارچەیی خاك و سەروەری سوریا.